



Fahmi Blay 1963 in Dhuk/Südkurdistan,

وێنەی ئەڤین هونەرمەند فەهمی




# دوعا...دوعا...دوعا...د.وعا...دو.عا...د.و.عا



ئەی تەمەن 17 زستان...17 پایز...17 هاوین ...17 و هەندیک بەهار . تەمەن ئەو هەمووە نەورۆزەش ، کە لە دیمەنی جوانی بەهاری دا، لە لالشی هەوارگەی ئێزیدیایەتی دا گۆرانیت بۆ خۆشەویستی دەگووت...دەزانی ناو نانی تۆ ، ئایینی [دینیی] تۆ ، نەتەوەیی تۆ ، 17 ساڵە بە ئارەزووی خۆت نی یە. دوعا گیان هەر تۆ نا هەموو کەس ...مرۆڤایەتی هەر هەموومان ئەو سێ شتە بەسەرمان چەسپاوە . هەر بۆیە تۆ بە [دوعا]وە ژیایی و بە [دوعا]ش شەهید کرای .هەر بۆیە تۆ بە ئێزیدی ژیایی و بە ئێزیدیش ماڵئاواییت لە کەسوکارت کرد . هەر بۆیە تۆ بە کوردی ژیایی و بە کوردیش ماڵئاواییت لە کوردستان کرد .ئەو مریدەی بۆ زارۆکێک ، رۆژانە دوعای دەکرد، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی دوعایەکی وەکو تۆ ، بۆ لەو رۆژەدا ، دڵی رەق بوو بەرامبەر خودانی یەزیدایەتی و دوعایی خۆی خستە ژێر گاشەبەرد و کردی یە خۆراکی پیاوسالاری ووڵاتی بێیاسایی .یاسا کەی سەروەرە لەو کۆمەڵگایە ، کوا ئەو کەسانەی پارێزگاری لە یاسا دەکەن ، ئەو خەڵکەیان خستە بەرامبەر دادوەرێکی بوێر و لێیان بپرسێت بە رۆژی روناک ئەو کردەوەتان لەبەرامبەر کامیرا و مۆبایلی ئەو خەڵکە بۆ ئەنجام دا. بۆ ئەوەی رووی سپی شۆڕشی کوردی پێڕەش بکەن یا کتابی رەشی یەزیدایەتی پێزەرد بکەن .دەبێ ئەوکەسانەی باسی یاسا دەکەن ریز لە قسەکانی خۆیان بگرن و خەڵکی

ناوچەکە یەکە یەکە بانگ بکەن و بزانن کێن ئەوانەی لە ساڵی 2007 و لە سەردەمی تەکنەلوژیا و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی ، مرۆڤ بەردباران دەکەن و کێن ئەوانەی یاسا پێشێل دەکەن . ئەگەرنا دادگا دەتوانی بڕیاڕی کۆمەڵیان بۆ دەربکات و فلیمەکانیش ماون بۆ ئەوەی تاوانباران سزا بدرێن و تاوانبار زیندانی بکرێت ، یا ڕەوانەی ئەو دەزگایە بکرێت کە مێشکی ئازمایش دەکات .ئایین بەبێ مرۆڤ مانای چی یە، بۆ دەبێ ئایین بکرێتە بەردەبازی کوشتن ، ئەو میر و شێخ و مەلا و خاوەنی فەتوا و زانایانە کێن دەیانەوێت ئایینەکی بەبێ مرۆڤیان هەبێت ، جا بۆ چیانە ئەو بیابانە بەبێ مرۆڤ.ئەو هەموو ژن و کچانەی کوردستان ، لە پێناوی چیدا دەبنە خەڵووز و دەبنە میوانی گۆڕستانان .ئەوانەی ڕاوی ژنوکچ دەکەن لە بەرامبەر کامە دادوەر رادەوەستن و پارێزگاری لەکامە کولتور و رەوشت و عادەت و تەقالید دەکەن . ئەو هەموو گەنجەی وەکو دوعا بۆ دەبنە قوربانی ئەو سەردەمە روناکییەی کە بۆ ژیانی کوردەواری هاتۆتە پێشەوە .ئەو کارەساتانە کەی دەبێتە باس و گفتوگۆ و کەی سەرۆکی هەرێم هەنگاوی بۆ دەهاوێت و بەزوترین کات شورەیەکی پۆڵایین لە بەرامبەر ئەو رەوشتە دروست دەکات کە شەرەف لە ناو گەلی کچاندا دەبینێت .پاراستنی شەرەف درۆ نەکردن و فێل نەکردن و دزی نەکردنە بۆ پیاو و ژن وەکو یەکە.خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی هاتۆتە دی و هەر مافی مرۆڤیشە خۆشەویستەکەی دەستنیشان بکات .

فــەهـــد گــردەوانـی 2007/4/28 ستۆکهۆڵم